نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق
نوسینگەی راگەیاندن

# هـــەواڵنامـــــەی یونـــــامی

دەنـــــگی نێـــــردە

هەواڵنامە — ژمارە بیست و حەفت — تشرینی یەکەمی 2008

## چاوپێکەوتن لەگەڵ ئابووریزانی ڕێکخراوی(UNDP) و جێگری بەشی مرۆیی و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بە وەکالەت خاتوو سیمۆنا مارینێسکۆ

**نوسینی: ڕەندا جەمال**

**١-زەحمەت نەبێ دەتوانی رابڕدووی پیشەیی خۆتمان پێ بڵێی لەگەڵ ئەوەی چ پاڵی پێوەنای بێیتە عیراق؟**

دوای رووخانی رژێمی کومۆنیستی لە رۆمانیا من بۆ ماوەی ١٣ ساڵ خزمەتی وڵاتەکەی خۆمم کرد کە ساڵانێکی زۆر ناخۆش بوون چونکە ماوەی راگوزاری بوو بەرەو دێموکراسی. من وەك تازەدەرچوویەکی قوتابخانەی ئابووری نیشتمانی کە تایبەتە بە ئابووری-کۆمەڵایەتی، وەك شارەزایەکی تەکنیکی لە بواری کاروباری کۆمەڵایەتی لە حکومەت دەستم بە کارکردن کرد کە لە دوایی بووم بە بەڕێوەبەر و دواتریش بە خێرایی بووم بە بەڕێوەبەری گشتی تا لە کۆتاییدا بۆ ماوەی ٣ ساڵ وەك سکرتێری وەزیری بۆ کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کارم کرد. هەر لە وێوە من من بە زوویی بەرز بوومەوە تا بۆ ماوەی ٤ ساڵیش وەك سیناتۆر کارم کرد و دواتریش بوومە سەرۆکی کۆمیتەی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە ئەنجومەنی رۆمانیا. سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان هەم منی لە خەڵك نزیك کردەوە هەم یارمەتیشی دام بۆ دانانی بەرنامەی کۆمەڵایەتی وا کە لەگەڵ پێویستییەکانیان بگونجێ و پەیوەندی نێوان خەڵك وحکومەتیش لەسەر بنەمای رێز و بەشداربوون دروست بکات.

کە وڵاتەکەم بڕیاری بەشداریکردنی لە هێزی فرەڕەگەزی عیراقدا من یەکسەر پێشنیارێکم پێشکەش بە حکومەتی خۆم کرد کە تێیدا یارمەتیدانی عیراقم بۆ چاکسازیی کۆمەڵایەتی خستبوە روو. من تائێستاش هەر لەو باوەڕەم کە هیچ چاکسازییەکی ئابووری بە بێ پشتگیریی گشتیی سەرکەوتوو نابێ و خەڵکی هەژاریش هەرگیز ناتوانن ببنە پاڵپشت.

حکومەتی رومانیا پێشنیارەکەی پێشکەش کرد و منیش دوای ئەوە وەك شاندی تایبەت بە عیراق دەستنیشان کرام کە بەشێك بوو لە تیمی تەکنیکی بۆ چاکسازییەکان. دوای چەند مانگێکیش من وەك راوێژکاری بانکی نێونەتەوەیی دواییش وەك سەرۆك بەش بۆ چاکسازییە کۆمەڵایەتییەکان دەست بەکاربووم کە بەهۆیەوە من ئەو سەرمافەم هەبوو کە سیستەمی "تۆڕی سەلامەتی کۆمەڵایەتی" دروست بکەم کە ئێستا نزیکەی ١٠٠٠٠٠٠ خێزان لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە یارمەتی دەدرێن لەگەڵ کۆمەڵێك خزمەتی هەلی دامەزراندن و سوودی نەختی مەرجدار. بە گوێرەی ئەم سیستەمە، منداڵانی خێزانە هەژارەکان مانگانە وەردەگرن بە مەرجی ئامادەبوونیان لە قوتابخانە وەك هەوڵێکی حکومەتی عیراق بۆ سنووردارکردنی وازهێنان لە قوتابخانە و کارکردنی منداڵان.

من شان بە شانی ئەمەش یارمەتی حکومەتی عیراقم دا لەسەر چاکسازی کردن لە سیستەمی خانەنشینی کە پەرلەمان لە کانونی یەکەمی رابردوودا بڕیاری لەسەر دا. بەڕاستی کارکردن لە گەڵ عیراقییەکان لە وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و دارایی و پەرلەمان هەم مایەی شانازییە و هەم دەشبێتە هۆی ئەزموونی زیاتر بە تایبەت کە تووشی رووبەڕوونەوەت دەکات. من سوپاسگوزارم کە ئەو هەلەم بۆ رەخسا کە بەشێك بم لەم پڕوسە قورسە لە عیراقی پڕ جیاوازی ئەمڕۆ.

**٢-ئەو ناوچانە کامانەن کە پێویستیان بە بایەخی زیاتر و بگرە چاکسازیش هەیە؟**

دێموکراسی لەم وڵاتەدا پێویستە هەل و بەشداریکردن بۆ گشت خەڵك فەراهەم بکات. خەڵکیش بە بێ هەبوونی کەرتی تایبەتی ڕێکوپێك هەرگیز بەتوانا نابن و گەشەکردنی ئابووریش هەم سست دەبێت و هەم بۆ ماوەیەکی درێژخایەنیش خۆی ناگرێت. حکومەتیش لەم کاتەدا پێویستە لەسەری کە باشبوونێکی بەرچاو لە ئاسایش دەستەبەر بکات بۆ ئەوەی بتوانێ چارەسەر ئابووری وا بخاتە ڕوو کە ببێتە مایەی پشبەستنی کەمتر بە ناردنەدەرەوەی نەوت و هەروەك پێویستیشە گەشە بەو کەرتانە بدات کە دەتوانن هەلی کارکردن بڕەخسێنن.

لە کاتێکدا ئێمە باس لەو بابەتە دەکەین راپۆرتێك لە لایەن ڕێکخراوی ناوەندیی ئامار و تکنۆلۆژیای زانیاریی عیراقییەوە دەرچوە کە تێیدا رێژەی بێکاری بە ١٨.٢٪ و ڕێژەی لە کاردابوان بە ٢٩.٤٪ رادەگەیەنێ. لە ١٠٪ تێکڕای دانشتوانیش تا ئێستاش خۆراك بەشیان ناکات سەرەڕای تەرخانکردنی بودجەیەکی زۆر لە لایەن حکومەتی فیدڕالی عیراقەوە بۆ سیستەمی



جێگری بەشی مرۆیی و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بە وەکالەت خاتوو سیمۆنا مارینێسکۆ

بەشە خۆراکی مانگانە کە وای لێ چاوەڕوان دەکرێت کە بتوانێ ماددە بنەڕەتەکان بداتە تەواوی دانیشتوان کە بە زیاتر لە ٣٠ ملیۆن بۆ ساڵی ٢٠٠٩ مەزەندە دەکرێت.

### پێرست

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئابووریزانی ڕێکخراوی(UNDP) و جێگری بەشی مرۆیی و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بە وەکالەت خاتوو سیمۆنا مارینێسکۆ ....... 1

جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داڤید شێرەر سەردانی هەرێمی کوردستانی عیراقی کرد ........................................ 2

یونامی و MICT بەرنامەی رادیۆیی بۆ وشیارکردنەوەی دەنگدەران دەستپێدەکەن ............................... 3

کەناڵێکی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆ " پرۆژەی فیربوونی لە دوورەوە" ......... 4

دواترین زانیاری تا ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەم سەبارە بە سەرهەڵدانی کولێرا لە عیراق ....................................... 5

ئەنجامدانی راهێنانێك لەسەر ئامادەگی بۆ کارەسات لە لایە ن رێکخراوی (ئۆچا- OCHA) و (یونیسێف)ەوە بۆ رێکخراوە ناحکومییە کان و پارێزگاکانی عیراق ................................. 6

من وەك ئابووریناسێکی ڕێکخراوی (UNDP)ی عیراق لەگەڵ حکومەت کار دەکەم لە پێناو ئەنجامدانی چاکسازی لە ئابووری وڵاتدا و دامەزراندنی بازاڕێکی کارا و گەرموگوڕ. هەروەها من وەك جێگری سەرۆکی بەشی مرۆیی و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانیش دەمەوێ دڵنیا بم لەوەی کە کاتی ئەنجامدانی چاکسازییە ئابوورییەکان و پتەوکردنی ئاسایشدا هیچ ئەزمەیەکی مرۆیی روونادا و ئایە ئەگەر روویدا بە دەنگەوەهاتنی ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانن بەر بە ئاوارەبوون ماڵ بەجێهێشتن بگرن و خزمەتە بنەڕەتییەکانیش بۆ خەڵك دابین بکەن.

**٣- گۆڕانکارییەکی زۆر لە گۆڕێیە سەبارەت بە سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی بەشی مرۆیی و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بە ئامادەبوون هەمیشەیی چەند ڕێکخراوێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە.**

دوای کارەساتی ئوتێلی کەناڵی بەغداد لە ئابی ٢٠٠٣دا، بەشی مرۆیی و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان وەك رووکارێك بۆ تیمی وڵاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەرەوی عیراق لە بەر ڕۆشنایی ئەرکە پێسپێردراوەکەی بە پێی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش دەستبەکار بوو. هەر کە ئاسایشی عیراقیش بەرەو باشی چوو ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەرە بەرە چالاکییەکانیان دەست پێکردەوە و دەوری خۆشیان لە پاڵپشتیی کردنی حکومەتی عیراق لە هەموو بوارەکانی گەشە کردن و خزمەتە بنەڕەتەکان زیاد کرد.لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٨یش نەتەوە یەکگرتووەکان پەیمانی ٣ ساڵەی یارمەتی ستراتیژی(٢٠٠٨-٢٠١٠) لەگەڵ عیراق مۆر کرد کە بوو بە مایەی داهێنانی هاوبەشکارییەکی تازە دوای نزیکەی ٢٠ ساڵ لە نەبوونی هەماهەنگیی فەرمی بۆ گەشە پێدان. ئێمە بەختیارین کە رۆژ لە دوای رۆژ پڕۆژەی زیاتر دەبینین لە لایەن ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەگرتووەکانی وەك: کۆمیسیاری باڵای پەناهندەکان و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و ڕێکخراوی یونیسێف و بەرنامەی خۆراکی جیهانی و ڕێکخراوی گەشەکردنی پیشەسازیی و ڕێکخراوی بەرنامەی گەشەپێدان و ڕێکخراوی کاری جیهانییەوە.

4-دەتوانی پەیوندی نێوان " سندووقی نێودەوڵەتی ئاسانکردنی ئاوەدانی بۆ عیراق"و " ڕێکەوتنامەی نێو دەوڵەتی لەگەڵ عیراق"مان پێ بڵێی ؟

"ڕێکەوتنامەی نێو دەوڵەتی لەگەڵ عیراق" تێڕوانینێکی هاوبەشانەیە بۆ گەشەپێدان کە عیراق و هاوبەشکارانی لە یەك چوارچێوەی چاکسازیدا کۆ دەکاتەوە کە ئەوەش بۆ بنیاتنانی کەرتە تایبەتێکی بەهێز و بازاڕێکی کارای ئابووری تەواو واڵا و بەرپرس لە ژێر چاودێری درێژخایەنانەی ئاشتبوونەوە و ئاشتی و بە ڕێزگرتنی تەواویش لە یاسا و مافەکانی مرۆڤ زۆر پێویستە. نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عیراق بە جووتە سەرپەرشتی "ڕێکەوتنامەی نێو دەوڵەتی لەگەڵ عیراق" دەکەن.

کۆمەکبەخشەکان لە پێناو پشتگیری کردنی چاکسازییەکان " سندووقی نێودەوڵەتی ئاسانکردنی ئاوەدانی بۆ عیراق" یان لە ساڵی ٢٠٠٣ دروستکرد کە لە ٢ سندووقی متمانە پێك دێت ، یەکێکیان لە لایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە بەڕێوە دەبرێ و ئەوی تریشیان لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کە تائێستا زیاتر لە یەك بلیۆن دۆلاری لە کۆی ئەو ١.٣ ملیۆن دۆلارە ئەمریکییە دانراوە بەگەڕ خستوە.

**٥-هاوبەشکارە سەرەکییەکانی ئێوە لە حکومەتی عیراق کێن و چۆنیش پەیوەندییە کە هەڵدەسەنگێنی؟**

سەبارەت بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لێرە هەر هاوڵاتییەکی عیراقی هاوبەشکارمانە لە هەنگاونان بەرەو دیموکراسی و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی. خزمەتکردنی خەڵك و بەرژەوەندییەکانیان خاڵێکی زەقە لە کارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان. "بەشی مرۆیی و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان"یش یارمەتی حکومەتی عیراقی دا بۆ پەسندکردنی "جاڕنامەی پاریس بۆ کاریگەربوونی یارمەتی" لە پێناو بەهێزکردنی خۆ بەڕێوەبردن لە عیراقدا.

عیراق وەك ئەندامی جاڕنامەی پاریس بوو بە هاوبەشکاری کۆمەکبەخشەکان لە گەڵ خاوندارێتی ئەو بەرنامانەی کە لەگەڵ کارەلەپێشەکانی دەگونجێن کە بەگوێرەی ئەنجام دانراوون و مایەی بەرپرسیشە بو هەردوو لا. ئێستا عیراق بە هاوکاری نەتەوە یەکگرتوەکان لەو ئاستەدایە کە بتوانێ ئامۆژگاری بداتە کۆمەکبەخشەکان و ڕێنماییشیان بکات لەسەر بشتگیرییان بۆ ناوچە پێویستەکان. ئەمە ئەوەیە کە ئێمە لە کارکردن لە پێناو بەرژەوەندی گشتی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیی و ناوخۆیی لە عیراق تێگەیشتووین .

**٦-"بەشی مرۆیی و ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان"ئێستا لە چەند ناوچەیەك کار دەکەن کە راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ژیانی خەڵکی هەژار هەیە. بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانە چ ڕێووشوێنیکتان هەیە؟**

بەدەنگەوەچوونی پێویستیە مرۆییەکان کە لەسەر داتا کۆکردنەوەیەکی پلانبۆدانراو و ڕاوێژی گەڵ حکومەت بنیاتنراوە شتێکی بەرچاوە. نیشاندەرەکانی گەشەکردنی مرۆیی کارەکانمان لە یارمەتیدانی حکومەتی عیراق باشتر دەکەن بۆ هێنانەدی "ئامانجەکانی گەشەکردنی هەزارساڵەیی". من دەمەوێ ئەوەش رابگەیەنم کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە بێ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی تری عیراق کار ناکات. ئێمە شێوازێکی راوێژپێکردنمان داناوە کە هاوبەشبوونی داتا و شیکار دەگرێتەوە بۆ ئەوەی دڵنیا بین لەوەی کە کارەکەمان دیاریکەری هاوبەشی هەیە. هەموو ئەو داتایانە بۆ وەڵامدانەوەی فیلد بە کار دێن کە بە هەماهەنگیی لەگەڵ (ئۆچا) و بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و کۆمیسارییای باڵای پەناهەندەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و یونیسێف.

**٧-هیوای جێبەجێکردنی چت هەیە لە ماوەی ئەرکەکەت لە بەغداد؟**

دوای سەرلەنوێ داڕشتنەوەی یاسای کومەڵایەتی و چوارچێوەی دامودەزگایی بۆ دروستکردنی هەلی کار و تۆڕەکانی سەلامەتی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی لە عیراق، ئێستا بۆ من و تیمەکەم کاتی ئەوە هاتووە کە تەرکیز لەسەر چارەسەرەکان بکەین بۆ جۆراوجۆرکردنی ئابووریی عیراق و هەروەها بۆ دروستکردنی کەشێکی وا ببێتە مایەی کار و وەبەرهێنانی دەرەکی. تەرکیزی سەرەکیش لەسەر دروستکردنی هەلی کارە بە تایبەت بۆ گەنجەکان کە ئێستا ڕێژەی بێکارییان دەگاتە ٣٠٪. من دەمەوێ زۆر سەربەرزانە ئاوڕ لە رابردوو بدەمەوە کە هەرچی بە من سپێردرابوو بۆ خەڵك و لەگەڵ خەڵکی عیراق کراوە. ئێمە وەك نەتەوە یەکگرتووەکان ئەرکی ژیانەوەی یەکیەتی و هاوبەشکاریمان لە ناو کۆمەڵگەی عیراقیدا لە ئەستۆیە و هیچ کامێکیش لە ئێمە نایەوێ پێش ئەوەی کارەکەی تەواو بێت بڕوات.

## جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داڤید شێرەر سەردانی هەرێمی کوردستانی عیراقی کرد

<u>**نوسینی : سەباح عەبدولڕەحمان**</u>

جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داڤید شێرەر لە ڕۆژانی ١٢-١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ سەردانی هەرێمی کوردستانی عیراقی کرد بە مەبەستی دووبارەکردنەوەی راگەیاندنی ستراتیژی یارمەتی نێوان عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان لە کوردستان کە پێشتر لە ئابی رابردوودا لە بەغداد مۆر کرا بوو.

جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی داڤید شیرەر سەرۆکایەتی شاندی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ وڵاتی عیراق دەکرد کە پێکهاتبوو لە بەرپرسانی ڕێکخراوی بەرنامەی گەشەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووکان (UNDP) و ڕێکخراوی سندووقی دانیشتوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووکان (UNFPA) و ڕێکخراوی (یونیسکۆ) و ڕێکخراوی کاری جیهانی (ILO) و بەرپرسی نوسینگەی هەرێمایەتیی یونامی لە هەولێر کۆبوونەوەیەکی بنیاتنەری لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی ئەنجامدا کە گرنگترین تەوەری جەختی کردە سەر باشترکاراکردنی هاوکارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە. سەرۆکوەزیران نێچیرڤان بارزانی وتی کە هەرچەندە حکومەتەکەی خاوەنی سەرچاوەی پێویستە بەڵام هێشتاش پێویستیی بە یارمەتیی تەکنیکیی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ چاکسازیی ئیداری و باشتر بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان بۆ بە لامەرکەزیکردنی گەیاندنی خزمەتگوزاری و جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان لەبەر ڕۆشنایی بەشداریی نێونەتەوەیی



جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان داڤید شێرەر لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی

نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بوارەدا و ئەو پەندانەی لێیەوە هەڵهێنجراوان. جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی داڤید شێرەر وەڵامی داواکەی ئاوا دایەوە: "ئەمە رێك ئەو کارەیە کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت شارەزایانە ئەنجامی بدات و دەشـــیکەین."

هەروەها بەڕێز لەگەڵ جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێم بەڕێز عومەر فەتاح و ژمارەیەك لە وەزیرەکان و پارێزگاری هەولێر بەڕێز نەوزاد هادی کۆبووەوە. بەڕێز عومەر فەتاح دووپاتی کردەوە کە بووژاندنەوەی کشتوکاڵ و چاکسازیی پەروەردەیی و هاندانی وەبەرهێنان و دەستەبەرکردنی تواناسازی لە کارە هەرەلەپێشەکانی حکومەتەکەینی. ئەمانەش بوارگەلێکن کە نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت یارمەتیی حکومەتی هەرێمیان تێدا بدا.

هەرەوها شاندەکە کۆبوونەوەیەکی سەرکەوتووی لەگەڵ وەزیری پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و یاریدەدەرە لەپێشەکانی ئەنجامدا. وەزیری بەڕێز کورتەیەکی لەسەر یارمەتییە بەردەوامەکانی بەرنامەی گەشەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووکان (UNDP) پێشکەش بە شاندەکە کرد و داوای بەردەوامبوون و زیاترکردنی ئەم یارمەتییەشی کرد کە تا ئێستا بووەتە مایەی دروستکردنی "بنکەی زانیاریی هاوکاریی کۆمەکبەخشان" و چەند پرۆژەیەکی تر.

دوای ئەم کۆبوونەوانەش، بەڕێز شێرەر و هەماهەنگسازی حکومەتی هەرێم بۆ کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێز دیندار زێباری لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشدا دووبارەکردنەوەی "ستراتیژی هاوکاریی نێوان عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان"یان لە هەرێمی کوردستان راگەیاند. لە وەڵامی پرسیاری رۆژنامەوانان، بەڕێز شێرەر روونیکردەوە کە ئەم ستراتیژە مانای تەرخانکردنی بڕە پارەیەکی تایبەت بۆ یارمەتیدانی عیراق نییە بەڵکو،وەك خۆی وتی، ئەو ستراتیژە*"لەپێناو زیاترکردنی هەماهەنگی و هاریکارییە لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوتاکانی لە حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێناو پلاندانان و بەڕێوەبردنی باشتری ئەو یارمەتییانەی لە لایەن کۆمەکبەخشانەوە تەرخانکراون."*

پێش کوتاییهاتنی سەردانە پێنج روژییەکە، شاندەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی پارێزگای سلێمانیشی کرد و لەوێش کۆبوونەوەی لەگەڵ خانمی یەکەمی عیراق خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و پارێزگاری سلێمانی دانا ئەحمەد مەجید و چەند بەرپرسێکی تری پایە بەرز و نوێنەرانی چەند رێکخراوێکی ناحکومیی ناوخۆیی و بیانی کرد. هەروەها بەڕێز شێرەر چەند کۆبوونەوەیەکی بەجیای لەم شێوەیەی لەگەڵ پارێزگار و رێکخراوە ناحکومییەکانی هەولێر ئەنجامدابوو.

## یونامی و MICT بەرنامەی رادیۆیی بۆ وشیارکردنەوەی دەنگدەران دەستپێدەکەن

عیراق ئێستا دوای پەسندکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان خۆی بۆ ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە لە ١٤ پارێزگا لە کۆی ١٨ لە کۆتایی کانونی دووەمی ٢٠٠٩ دا ئامادە دەکات .

بۆ پشتگیریی کردنی ئەم هەنگاوە گرنگە و بۆ یارمەتیدانی پێشکەوتنی پڕۆسەی سیاسی لە عیراقدا، رێکخراوی یونامی و بەشدارە جێبەجێکارەکەی لە رێکخراوی (MICT راگەیاندن لە هاوکاری و راگوزاری)ی ئەڵمانی بەیەکەوە دەستیان داوەتە پڕۆژەی "بەرنامەی رادیۆیی بۆ وشیارکردنەوەی دەنگدەران" بۆ سەرتاسەری عیراق بە ئامانجی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی راپۆرتە رادیۆییەکان و ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە هەڵبژاردنەوە لە رێی بەشدارپێکردنی تۆڕێکی رادیۆیی و کۆمەڵێك رۆژنامەنوس لە سەرانسەری وڵاتدا .

یەکەم قوناغی ئەم پڕۆژیەش بریتی بوو لە کردنەوەی خولێکی راهێنانی چوار رۆژی کە تێیدا بەشداران لەلایەن رۆژنامەنووسێکی بە ئەزموونی بوارەکەوە فێری تەکنیك و روماڵ هەڵبژاردن کران. لەم بەشەدا چەند دانیشتنێکی کارکردن ئەنجام دران لەسەر چۆنیەتیی هەڵبژاردنی بابەتی لەبار و چۆنیەتیی ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەشداران و فێرکردنی ئەو رێگایانەش کە دەبنە مایەی دەستەبەربوونی پێوەرەکانی رومالّ هەڵبژارژدنی وەك هاوسەنگی و دروستی و رەوایی.



جێگری بەرپرسی بەشی راگەیاندنی یونامی ئیلیانا نەبعە و سەرۆکی رێکخراوی MICT ی ئەڵمانی کلاس گلێن وینکل کۆتایی بە راهێنانی راگەیاندن دێنن لە هەولێر

بەشی دووەمی ڕاهێنانەکە تەرخان بوو بۆ هەموو ئەو زانیارییانەی پەیوەستن بە هەڵبژاردنی پارێزگاکان وەك پرۆفایلی پارتە سیاسییەکان و ڕێوشوێنەکان و باکگراوندی ڕێکخراوەیی و بابەتەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن .لە لایەن شارەزایانی هەڵبژاردن ئەم بەشەیان بەڕێوە دەبرد. دواهەمین ڕۆژی سەکۆیکارەکە تەرخان بوو بۆ ڕوونکردنەوەی وردەکارییەکانی ماوەی بەرهەمهێنانی هاوبەش. ڕاهێنانەکە لە ١٠ تا ١٣ی تشرینی یەکەم لە لایەن ڕێکخراوی(MICT) ی ئەڵمانییەوە لە هەولێر بەڕێوە چوو .

مەبەستە سەرەکییەکانی ئەو پڕۆژەیە بریتین لە زیادکردنی واڵایی و گشتگری لە پڕۆسەی هەڵبژاردن لەگەڵ هاندانی گفتوگۆی زانیارانەی نێوان هاوڵاتییان پێش و پاش هەڵبژاردنەکە. ستراتیژیش بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە بڵاوکردنەوەی زانیاریی بابەتییانە و هاوسەنگ و بێلایەنانەیە لە سەرتاسەری وڵاتدا سەبارەت بە بابەتەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و گفتوگۆ و پارتە سیاسییەکان و پاڵێوراوانی هەڵبژاردن و دەوری سیاسی و دەسەڵاتی پارێزگارەکان و ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان لەگەڵ پەیوەندییان بە حکومەتی ناوەندییەوە و وردەکارییە تەکنیکیی و ڕێوشوێنییەکان لە پڕۆسەی دەنگدان و ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و ئەنجامەکانی هەڵهێنجراو لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنیش .

لە وڵاتێکی وەك عیراق کە گرژیی سیاسیی تێیدا بەهێزە و ئامادەییش بۆ لێتەکینەوە یان ڕەتکردنەوەی ڕەوایی هەڵبژاردن ئەگەرێکی گەورەیە، وشیاریی دەنگدان بەردی بناغەی سەرکەوتنی هەڵبژرادنەکانە لە ڕووی بەشداربوون و پەسندکردنەوە. پارتەکان پێویستیان بە کەناڵی پەیوەندیی هەیە و دنگدەرانیش پێویستیان بە زانیاریی لەسەر پارتەکان هەیە .هەڵبژاردنی سەرکەوتوو بەندە بە وشیاریی دەنگدەرانەوە چونکە زانیاریی دروست ناهێلێ دەنگدەران تووشی پێشێلکردنی مافی دەنگدانیان ببن و هەروەك چۆن نمایشەکانی ڕاگەیاندنیش پارتەکان لە پەراوێزبوون دەپارێزن.

## کەناڵێکی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆ " پرۆژەی فیربوونی لە دوورەوە"



بەکارخستنی بەشی پەخش

بەغداد، ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨: وەزارەتی پەروەردەی عیراق بە هاوکاری ڕێکخراوی (یونیسکۆ) لە ١٩ی تشرینی یەکەم کە ناڵێکی تەلەفزیۆنی پەروەردەییان بە کار خست .
وەزیری پەروەردەی عیراق د.خزەیر ئەلخوزاعی یەکەم بەرنامەی دەسپێکی ئەو تەلەفزیۆنەی بە ناوی "پەروەدەی عیراق " لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨ لە کاتژمێر ١٧ کە دەکاتە ٥ی دوانیوەڕۆ بە کاتی بەغداد ڕاگە یاند. شایانی باسە تەلەفزیۆنەکە لەسەر مانگی نایلسات بە فریکانسی ١٠٧٧ هێرتز کار دەکات.

"پڕۆژەی فێرکردن لە دوورەوە" مەبەستی پاڵپشتی کردنی ئەو هەوڵانەیە کە وەزراەتی پەروەردەی عیراق دەیدا بۆ پێشکەش کردنی پەروەردە بۆ قوتابیانی سەرەتایی و ناوەندی و ئایندەیەکی پڕشەنگدار بۆ قوتابیانی قوتابخانەکان و ئەو قوتابییانەی کە وازیان لە قوتابخانە هێناوە و قوتابیانی ئاوارەی ناوخۆ و پەناهندەکان لەگەڵ ئەو قوتابییانەی پێویستییان بە بایەخی تایبەت هەیە.

تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لەسەر بنەمای پڕۆگرامی فەرمیی خوێندنی عیراقی دامەزراوە و بەدرێژایی شەو و ڕۆژیش دووبارە دەبێتەوە. هەرچەندە ئەم کەناڵە جێگرەوەی قوتابخانە نییە بەڵام زیاتر دەیەوێ ببێتە سەرچاوەیەکی زیاد و سەرەڕا . ئەم ئامرازە پەروەردەییە دەیەوێ بەربەستەکانی پەیوەست بە بارودۆخی ئاسایش و کات و شوێنەوە بشکێنێت لەگەڵ ڕەخساندنی بوار بۆ قوتابیان کە بتوانن دەست بەخوێندن بکەن و یانیش تێهەڵبچنەوە. پڕۆژەکەی پێشینە دەدا بە قوتابییانی قوناغەکانی ٦و ٩ و ١٢ (پلە ڕاگوزارییەکان).

ئەم کەناڵە گەشە بە بەها ئەخلاقییەکانی وەك ئاشتی و دان بەخۆداگرتنیش دەدا کە ئەمەش تامـــــەزرۆیی بەشداربوونی نیشان دەدا لە دروستکردنی ئاشتی و ئاشتبوونەوە لە وڵاتدا .

هەروەها ئەم کەناڵە توانای مامۆستایان و شارەزایانی بوار پەروەردەش لە عیراق پەرە پێدەدات چونکە لەگەڵ ٣٣ شارەزای وەزارەتی پەروەردە کار دەکات لە پێناو ئامادەکردن و سیناریۆ نووسین و پێشکەشکردنی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی کە بۆ بەڕێوەبردن و پەخشکردنی بەرنامەکانی ٢٠ کارمەندی تەکنیکیی وەزارەتی بۆ ڕاهێنراوە لەگەڵ دروستکردنی کتێبخانەیەك بۆ تەلەفزیۆن و سیستەمێکی ئەرشیف کردنیش. بەرهەمهێنانی بابەتەکانی تەلەفزیۆنەکەش بە هاوکاریی تۆڕی میدیای عیراقی بە ڕێوە دەچێت.

کەناڵی "پەروەردەی عیراقی" بە هاوکاریی وەزارەتی پەروەردەی عیراقی لە لایەن ڕێکخراوی (یونیسکۆ)وە جێبەجێ دەکرێت و لەلایەن یەکیەتی ئەوروپاشەوە پارەکەی بۆ دابین دەکرێت لە ڕێی بەشداریی بەخشندانەی سندووقی متمانەی عیراقییەوە.

## دواترین زانیاری تا ڕۆژی ٢٩ی تشرینی یەکەم سەبارەت بە سەرهەڵدانی کولێرا لە عیراق

ژمارەی حاڵەتەکانی مردن و تووشبووانی کۆلێرا ، عیراق 14/08-26/10/2008




ڕۆژی دەستنیشانکردن

### ١- دۆخی هەنووکە:

١-بە گوێرەی دوایین راپۆرتی وەزارەتی تەندروستی عیراقی ٤٤ حاڵەتی نەخۆشی کۆلێرا تا بەرواری ٢٩ی تشرینی یەکەم لە تاقیگە پشتراستکراونەتەوە و تۆمار کراوون.

٢-هەموو حاڵەتە تازە سەلمێنراوەکان لە بەغداد و بەسڕە و میسانن.

٣-لە ٥٢٪ی حاڵەتەکان لە منداڵانی خوار تەمەن ٥ ساڵەوەن.

٤- ژمارەی حاڵەتەکانی مردن ٨ حاڵەتە (٦ نێر، ٦ مێ) و لە ٥٠٪ی مردنەکانیش لە لە منداڵانی خوار تەمەن ٥ ساڵەوەن.

٥-بە گوێرەی ئەنجامەکانی تاقیکردنەوە درمییەکان، بەهێزترین ئەگەری بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکە ئاوی پیسە.

٦-٦٤٣ حاڵەت بە (inaba) و یەك حاڵەتیش بە (ogawa) دەستنیشانکراوون.

### ٢-پوختە:

١-خشتەی ژمارە (١) دوایین راپۆرتی حاڵەتە بەگومان و سەلمێنراوەکان حاڵەتەکان و مردنەکانی کولێرا دەگرێتەوە بە گوێرەی پارێزگاکانی عیراق . لە ٢٤ کاتژمێری رابردووشدا ١٠ حاڵەتی تر سەلمێنراوون.

| پارێزگا | ژ. ناوچە بەرکەوتوەکان | بەرواری یەکەم حاڵەت | بەرواری دوایین حاڵەت | مردن | لە ژێر پشکنیندایە | لە تاقیگە سەلمێندراوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دیالە | ١ | ٩/٩/٢٠٠٨ | ٩/٩/٢٠٠٨ | ٠ | ٠ | ١ |
| واسیت | ١ | ٣٠/٩/٢٠٠٨ | ١٨/١٠/٢٠٠٨ | ٠ | ٠ | ٢ |
| ئەربیل | ٢ | ٧/١٠/٢٠٠٨ | ٧/١٠/٢٠٠٨ | ٠ | ٠ | ٢ |
| موسەنا | ١ | ٧/١٠/٢٠٠٨ | ٢٦/١٠/٢٠٠٨ | ٠ | ٠ | ٧ |
| میسان | ١ | ٧/٨/٢٠٠٨ | ٢٨/٨/٢٠٠٨ | ١ | ٠ | ٣ |
| ئەنبار | ٢ | ٧/٩/٢٠٠٨ | ١/١٠/٢٠٠٨ | ٠ | ٠ | ٨ |
| نەجەف | ٣ | ١٧/٩/٢٠٠٨ | ٢٢/١٠/٢٠٠٨ | ٠ | ١٠ | ٢٣ |
| کەربەلا | ٣ | ٥/٩/٢٠٠٨ | ١٩/١٠/٢٠٠٨ | ٠ | ١٢ | ٤٣ |
| بەسڕە | ٥ | ١٤/٩/٢٠٠٨ | ١٩/١٠/٢٠٠٨ | ١ | ٢ | ٥٨ |
| بەغداد | ١١ | ١٨/٨/٢٠٠٨ | ١٩/١٠/٢٠٠٨ | ١ | ١ | ٨٤ |
| دیوانیە | ٤ | ٢٠/٩/٢٠٠٨ | ٢١/١٠/٢٠٠٨ | ٢ | ٢٢ | ١٥٨ |
| بابل | ٤ | ٢٨/٨/٢٠٠٨ | ٢٠/١٠/٢٠٠٨ | ٣ | ١٥ | ٢٥٥ |
| کۆی گشتی | ٣٧ | ٧/٨/٢٠٠٨ | ٢٩/١٠/٢٠٠٨ | ٨ | ٦٢ | ٦٤٤ |




زانیاری وەرگیراو لە تیمی بەشی خۆراك و تەندروستی (HNSOT)ڕێنمایی OCHAدەکات

## ئەنجامدانی راهێنانێك لەسەر ئامادەگی بۆ كارەسات لە لایەن رێكخراوی (ئۆچا-OCHA) و (یونیسێف)ەوە بۆ رێكخراوە ناحكومییەكان و پارێزگاكانی عیراق



دیمەنێك لە تاوتوێی بەكۆمەڵ لە سەكۆی كارەكە
وێنە: بەشی راگەیاندنی یونامی

نووسینگە ی نە تە وە یە كگرتووە كان بۆ هە ماهە نگیی كاروباری مرۆیی (ئۆچا) و رێكخراوی یونیسێف سەكۆیكارێكی ٣ رۆژییان ( ٧-٩ تشرینی یەكەم ) لە لەسەر بەڕێوەبردنی كارە سات لە هە ولێر ئە نجامدا. نوێنە رانی رێكخراوە مرۆییە خۆماڵییە كان و "خانە كانی فریاكە وتنی حكومە ت" لە سە رتاسە ری عیراق بەشدارییان تێدا كرد.

ئەمە یەكەم سەكۆیكاری لەم بابەتەیە كە لەلایەن (ئۆچا) و یونیسێف)ەوە لە عیراق ئەنجام بدرێت. ئە م سكۆیكارە هە لێك بوو بۆ بە هێزكردنی هە ماهە نگیی و هاوكاریی لە نێوان نە تە وە یەكگرتووەكان و رێكخراوە مرۆییەكان و ئەو رێكخراوە حكومییانەش كە تایبەتمەندن بە بواری فریاكەوتنی كتوپڕ.یەك لە بەشداران ووتی "ئەوە ماوە یە كی زۆرە رێكخراوە ناحكومییە كان بە شێوە یە كی تە نیایی و دابڕاوی لە ناوچە دوورە كانی عیراق كار دە كە ن. بە ڵام ئە م سە كۆیكارە كە توانی بۆ یە كە م جار یە كیان بخاتەوە." یەك لە دانیشتنەكانیش تەرخان كرابوو بۆ تاوتوێكردنی راسپاردە كانی رێكخراوە ناحكومییە كان و "خانە كانی فریاكە وتنی حكومەت" لەسەر چۆنیەتی شێوازی هەماهەنگیی لە نێوان بەشدارە مرۆییە خۆماڵییەكان لە كاتی روودانی كارەساتدا.

لەم سەكۆیكارە ٢٠ بەشدار كە لەناویاندا ١٢ەیان نوێنەری رێكخراوە مرۆییەكان بوون بە یەكەوە لە گە ڵ "خانە كانی فریاكە وتنی حكومە ت" لە پارێزگاكانی كەربە لا و واسیت و میسان و زی قاڕ و ئەربیل و سولەیمانی و دهۆك بەشدارییان كرد كە لە بەشەكانی خۆراك و كەلوپەل و ئاو و تە ندروستی ژینگە و پە روە ردە و تە ندروستی بوون.

ئە م سە كۆیكارە لە كاتێكدا ئە نجام دە درێت كە زۆربەی رێكخراوەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان دەیانەوێ هەبوونیان لە ناو عیراق زیاد بكەن.

لە مـــــبارە یـــــــــە وە، دكتۆر دیندار زێباری هەماهەنگسازی كاروباری نەتەوە یەكگرتووەكان لە حكومەتی هەرێم ووتی "بوونی بەهێزی نەتەوە یەكگرتووەكان یارمەتی هێنانەدی ئاشتبوونەوە لە ووڵاتدا دە دات لە ئە نجامی ئە و پشتگیرییە ی گەشەكردنەی پێشكەشی دەكات و هەروەك چۆن دە بێتە مایە ی دە ستە بە ركردنی ئاشتبوونە وە ی سیاسیی و رێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤیش."

پێشە كییە كیش لە سە ر شێوازی مرۆیی نە تە وە یەكگرتووكان و چاكسازیی مرۆیی و شێوازگەلی نەتەوە یەكگرتووكان لە فیلْد درایە بەشدارابوان هە روە ك چون بە "یاسای مرۆیی جیهانیی" و پرەنسیپە مرۆییەكانیش ئاشنا كران.

بە شداربوان بە پلانی بنەڕەتیی و پرەنسیپەكان بە هانە وە چوونی كتوپڕ ئاشنا كران و پلانێكی بەدەنگەوەچوونیشیان بۆ سیناریۆیەكی هەڵبەستراو ئامادە كرد.

سە كۆیكارە كە هە ندێك بیرۆكە شی پێشكە شكرد وەك ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنی خێرا بۆ كارەساتە مرۆییە كان و چاودێریكردن و هە ڵسە نگاندنی بەهانەوە چوونەكان و چونێەتی هەڵسوكەوت لە لایەن كاركەرانی مرۆیی لەگەڵ پێشكەشكردنی بابە تێك لە سە ر خۆبە دوورگرتن لە ئیستیغلالی سێكسی پێشێلكردنی بەهانەوەچوونە مرۆییەكان.

### رۆژی جیهانی قەڵاچۆكردنی نەخوێندەواری




© UNESCO

**یونسكۆ پشتگیری هەوڵەكانی حكومەتی عیراق دەكات لە رووبەڕووبوونەوەی نەخوێندەواری لە سەرتاسەری عیراق لە تەواوی بەرنامەكانی وەك: دەستپێشخەری خوێندەواری (LIFE) و خەمڵاندنی خوێندەواری و چاودێریكردن (LAMP) هەر لەگەڵ یارمەتیدانی هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە وڵاتدا**

هەواڵنامەی (یونامی)
هەواڵنامەیەكە نوسینگەی راگەیاندنی سەر بە نێردەی نەتە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق (یونامی ) دەریدەكات
بابەتەكانی ئەو هەواڵنامەیە مەرج نییە دەربڕی رای نەتوەیەكگرتووەكان بێت

بۆ زانیاری زیاتر تكایە پەیوەندی بەم پۆستە ئەلكترۆنییە ی خوارەوە بكەن:
Unami-information@un.org
یان پەیوەندی بە خاتوو رەندە جەمال بكەن بەم ژمارەیەی خوارەوە:
2644 - +962 6 5504700
jamalr@un.org
پێگەی ئەلكترۆنی: www.uniraq.org